# کام مۆدیلی سیاسی ...
# گۆڕان لەکوێوە دەست پێ دەکات ...؟!
# قسەیەك لەسەر کۆمەڵێك چەمکی تێکەڵ کراو

دلێر محەمەد شەریف

ئەگەر سیستەمی گشتی برێتی بێت لە (سیستەمی سیاسی و سیستەمی ئابوری و سیستەمی کۆمەلأیەتی وسیستەمی رۆشنبیری ) ئەوا زانستی سیاسی و بیرمەندانی فکری سیاسی تائێستاش و بەپێ ی ململانێی بەرژەوەندی یە ئایدیۆلۆجیەکان لەسەر ئەوە ناکۆکن کەئایا (سیستەمی سیاسی ) وەك دەسەلأت وفەلسەفەی دەسەلأتداری (سیستەمە کانی تر ) ئاراستە دەکات یان ( سیستەمی ئابوری ) وەك ژێر خانێك ( سیستەمی سەرەکی یە ) و ئارلستە کەری سیستەمەکانی ترە؟ . ئەم دوو تێروانین و تێزە فکریو سیاسیە سەرچاوەو بنەمای دەست نیشانکردنی هەموو دیاردەو گۆرانکاری یەکانی ژیان و تێك هەڵکێشی چەمك و بەرژەوەندی یەکانە .

هەر بۆیە ئەگەر سیستەمی سیلسی بەشێکی گرنگ یان هەڵسوراوی سەرەکی ناو سیستەمی گشتی بێت، کەواتە فەلسەفەو شێوازی حوکمڕانیو دەسەلأت رەنگدانەوەی سەرەکی ئەو ئاوێتە بوون و کارلێکردنەی نێوان سیستەمەکانی تری گشتی یە (سیستەمی ئابوری – سیستەمی کۆمەلأیەتی – سیستەمی رۆشنبیری) . بەو مانایەی کاتێك فەلسەفەی حوکمڕانی لەسەربنەمای تاکرەویو تولیتاریو نادیموکراسی بنیاد دەنرێت، ئەوە بێگومان هەموو ئەو پەیوەندیانەی نێو سیستەمەکانی تر دەبنە پاشکۆو بەهەناسەو ریتمی ئەو فەلسەفەیە هەڵدەسوڕێن ، کە لەراستیداو لەحاڵەتە سروشتی یەکەیدا پێویست وایە ئەو سیستەمانە بەهەمان ئاست گەشەبکەنو هەمان هەڵچوونو داچوون بەخۆوە بگرن، لە روانگەیەکی ترەوە ئەگەر فەلسەفەی دەسەلأت لەسەر بنەمای بەرژەوەندی تاك بنیاد بنرێت ، ئەوە بێگومان تەواوی هاوکێشەکانی تر بە پێی ئەم بەرژەوەندیانە دەگۆڕێت و هەمیشە بەرژەوەندی گشتی دەبێتە قوربانی بەرژەوەندی ئەو تاکانەوە، کە لێرەشەوە چەمکی یەکسانی و نا یەکسانی لە دابەش کردنی سامانی نیشتیمانی بە پێ ی ئەم هاوکێشەیە دەگۆرێ . لێرەوە وەلأمی ئەو پرسیارەمان دەست دەکەوێت کە سیستەمی ئابوریو سیستەمی سیاسی کامیان کامیان ئاراستە دەکەن ...؟ مێژووی سیاسی کۆمەڵگاکان ئەوەیان سەلماندووە کە هەرچەند سیستەمی سیلسی گرنگو کاریگەر بێت، بەلأم سیستەمی ئابوری بنەما و هێزی سەرەکی

ئاراستەکانە، وەك ئەوەی کاتێك هۆیەکانی بەرهەم هێنانو پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان هێشتان پەیوەندیەکی ناپیشەسازی نابەرهەم هێن بێت یان روونتر بڵێین تێکەڵاو بێت لەنێوان پلشکۆی دەرەبەگایەتی و بۆرژوایەکی مشەخۆرو سروشتێکی بەکاربەردا (ئیستهلاکی) . ئەوە بێگومان سیستەمی سیاسیش دەکەوێتە ناوهەمان چوارچێوەوەو نارۆشنی یەوە ، کە ئەو سروشتەش لەنێو کۆمەڵگەی کوردستانیدا ، (هەر لە پەیوەندی تاکی کورد بەزەوی یەوە و سروشتی دەوڵەمەندبوون و جۆری بەکارهێنانی سەرمایەکانیان.. تا شێوازی سەرهەڵدانی حزبی سیاسی و ئاستی ئینتمای تاکو سروشتی گەشەکردنی حزب و ململانێکان بۆ دەسەڵات و بەرێوەبردنی دەسەڵاتەوە ) بەرروونی دیارە، بەتایبەتیش کاتێك کە سیستەمی ئابوری لەسەر بنەمای (ئابوری ئازد)و (بازاڕ) هەڵدەسورێو لەمەشدا (قازانج) دەبێتە بنەمای سەرەکی و سروشتی پەیوەندیەکانی، کە روون تر بڵێین هەموو ئەو پەیوەندیانە دەبنە بەشێك لەو کێ بركێ ناسروشتیەی کە دەسەڵاتی بازاڕ دەیخولقێنێ بە سوود وەرگرتن لەو زەمینە خولقاوەی کە لەسەر بنەمای مشەخۆریو دەسکەوتی ناشەرعی دروست دەبێتو ناکۆك دەبێت لەگەڵ هەموو ئەو یاساو رێسایانەی کە ناوەرۆکی راستەقینەی دیموکراسی بەرهەمی دێنێ ، لەکاتێکدا کە هێشتان پەیوەندی یە ( ئابوری – کۆمەڵایەتی ) یەکانی نێو کۆمەڵگای کوردستانی لەسەر بنەمای خوێنو خێڵو خزمو ئایین و ..... هتد هەڵدەسورێ و تاڕادەیەك چەقی بەستووەو وەك لە بەشێك لەنەریتی باو بەشداری لەهەڵسوڕان و

**رێگە نەدرێت بە گەڕانەوە و پیروز کردن و بەکاریزما کردنی ( تاکەکەس ) و ( بنەماڵە ) و ( خێڵگەری ) وەك فریادرەسو رزگارکەر کە ئەمە بۆ خۆی لادانە لە ناوەرۆکی دەستە جەمعی لە بڕیاردان و کاری بە کۆمەڵی دیموکراسیانەی حزب**

ئاراستەکردنی چەمك و پەیوەندی یە نوێکان دەکاتو بەلانی زۆریش رۆڵێکی نەرێنی (سلبی ) دەبینێ لە بەردەم ئەو چەمکە نوێو پێشکەوتوانەدا و زۆر جاریش نەك هەر کۆسپ لەبەردەم گۆڕان وپێشکەوتن دروست دەکات، بەڵکو بڕیار دەداو روبەروی یلساو پرەنسیپە شەرعیەکانی دامەزراوە سیلسی و یلسایی یی کانیش دەبێتەوەو کۆمەڵگا بەپێچەوانە ئارلستە دەکات ، واتە نەك هەر بەشداری لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ناکات ، بەڵکو دەبێتە دیوارێك لەبەردەم گۆڕان و پێشکەوتنەکاندا .

بێگومان هەموو ئەمانەش چ ئەو سیستەمە سیاسی یە و چ ئەو سیستەمە ئابوری یە نلسروشتییە و چ ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی یە کاریگەری رلستەوخۆیان دەبێت لەسەر رۆشنیری بەگشتیو رۆشنیری سیاسی بەتایبەتی . بەمەش چەمکی (بەشداری سیاسی) یان هەمیشە لەقەیرانو چەق بەستندا دەبێت ، یان لە خۆخواردنەوەو ململانێ یەکی ناتەندروست دا دەبێت . کە یەکێك لە پرەنسیپە گرنگەکانی دیموکراسی لەپاڵ پرەنسیپی هەڵبژاردنەوە بۆ دەستاودەستی دەسەڵات، پرەنسیپی (بەشداری)و بەشداری هوشیارانەی تاکە کانی کۆمەڵگایە لەبڕیاردانو دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا.

هەر بۆیە پێویست وایە هەموو ئەم چەمکانەی کە چەند سەدەیەکە لەنێو رەوتی سیاسی کوردستانی

داو تائـەمرۆش بونەتەبەشـێك لـە كـەلتوری رۆشـنیری گەلەكـەمان ، جـارێكی تربـە دیـدێكی رەخنەگرانــە و واقیعیانــە و ســەردەمیانەی قۆنــاغی ئــەمڕۆ دوور لــە بیرتەسكی و دۆگمـایی وپیرۆزكـردن وكـۆپی كـردن وبـەپێ ی ئـەو گۆڕانكـاری وپەرسـەندنە جیهـانی یـەی مرۆڤایـەتی شـرۆڤە یـان بكەینـەوە، بەتایبـەتی كاتێـك كـە هەسـت دەكرێت ئـەو تێـڕوانین وئامرازانـە ئـیتر بوونەتـە كۆسـپ و وەك هۆیـەكی دارمـان و شـێواندنی نـاوەڕۆكی راسـتەقینەی رەوتـی شۆڕشـگێڕی وسیلسـی و فراوانكردنـی بۆشـایی نێـوان كۆمــەلگاو سیــستەمی سیاســی دەســەلات دەبینــرین . كەواتـە هەمیـشە سروشـت و نـاوەرۆكی ئـەو مۆدیلـە سیاسـی یـەی كـە دەسـەلاتەكان ئارلسـتە دەكـات ، دەربـڕی ئـەو بەرژەوەنـدی یـە ئـابوری یـەی كەسـەكانە كـە خـاوەن دەسـەلاتن . بەمـەش زۆربـەی كێـشەكان لـەم هاوكێـشەیەدا بـەر لـەوەی ململانـێ بـن لـە پێنـاو زۆرتـرین یەكـسانی و دادپـەروەری كۆمەلایەتیـدا ، ململانـێن لـە پێنـاو دەسـەلات و سـامان و گـۆڕینی مۆدیلـە سیاسـی یـەكانیش لەوەتێپـەڕ ناكات كە هەولدانن لـەپێناو مـۆدیلێكی تـر كـە ئـەو ئامانجە بپێكێت .

## كەواتە كام مۆدیل ئامرازی گۆڕانە ( تاكەكەس) یان ( حزبی سیاسی )....؟

ئەگـەر تاكـەس وەك ئامرازێـك بـۆ دروسـت بـوون و گـۆران سـەیربكەین، كـام ئامـانج بەرهـەم دێنـێ ...؟ لـە مێـژووی سیاسـی مرۆڤایـەتی دا بزوتنــەوە سیاسـی یــەكان كـە تاكەكــەس رۆلـی سـەرەكی تێـدا گێـڕاوە كـام نمونـەی پێشكەش كـردووە ....؟ ئایا هەلـەكان لە بوونی حزبـە یـان لـە كـرداری پیـادە كـردن وبەرنامـەی سیلسـی و شـێوازی سـەركردایەتی كردنەكاندایــە....؟ حزبــی سیلســی لەكوردســتاندا لــەكوێ ی واقیعــی ئــەمرۆو ئــەو پێـشكەوتنانەی جیهاندایـە ...؟ ئایـا ئینتیمـای تـاك چـی بۆحزب و چـی بۆنیـشتیمان لـە جێگـای خۆیدایـە....؟ ئایـا دیموكراسـی تــەنیا بریتیــە لــە هەلبــژاردن و بــە تــەنیا پرۆسـەیەكی سیاسـی یـە ...؟ داخـوا تـاكی كـورد لـەكوێ ی نـاوەرۆكی هاوولاتیـەكی سروشـتی دەسـتوری دابێـت ....؟ ئەگــەر هــاولاتی كوردســتانی هــاولاتی یــەكی پلــەدارە ، كامەیـە ئـەو پەیوەنـدی یەی كە هاولاتی و دەولـەت پێكـەوە گـرێ دەدات...؟ دەكرێـت لـە كۆمەلگایەكـدا كـە هێـشتان زۆرتـرین ئینتمـای تاكـەكانی ئینتیمـا بێـت بـۆ خـوێن و خێـل و ئـایین و نەتـەوە ( هـاولاتی بـوون ) بـەمانا دەسـتوری – یاسایی یەكـەی دروسـت ببێـت....؟ كـام دەولـەت و ....كـام دەولـەتی یاسـا ..؟ ئایـا ئێمـە دەولـەتمان هەیـە ...؟ خـاوەن كام قـەوارەین....؟ ئایـا هـەرێمێك لـە دەولـەتێكی فیـدرالی دا تاچـەند خـاوەن قەوارەیـەكی سیاسـی –دەسـتوری یـە و لـەكوێ ی هاوكێـشە نێودەولـەتی یەكاندایـە ...؟ ئایـا ئێمـە ئـابوری یـەكی سـەربەخۆمان هەیـە ، یـان پاشـكۆی ئـابوری ناوەنــدین ...؟ ئەگــەر خــاوەن ئــابوری یــەكی سەربەخۆنین باس لـە كام قـەوارە دەكـەین، دەولـەت ، یـان هـەرێمێكی ناودەولـەتێكی نیمـچە فیـدرالی ، كە لە ئاستی نێودەولتی دا خـاوەنی هیچ كەسایەتی یـەكی یاسـایی نـی یـە؟ .....كـە بەداخـەوە ئـەم كوردستانە پارچـە پاچـە كـراوەی بـەزۆرلكێنراوە بـە چـەند دەولەتێكـەوە ، چ لـە سـەردەمی شـەڕی ساردی دووجەمــسەری و چ لــەم ســەردەمەی سیــستەمی نوێی جیهـانی ئـەمڕۆی یـەك جەمـسەری دا كەوتۆتـە نــاو كۆمــەلێك بەرژەوەنــدی جیاجیــای كۆمــەلێك دەولـەتی خـاوەن بەرژەوەنـدی كـە تاكـە بنەمایـەكی هاوبــەش لــە فەرهــەنگی ئەوانــدا رادەی بەرژەوەنـدی و چـۆنێتی فـراوان كردنـی بازاڕەكانـە چ وەك كەرەسـتەی خـاوو چ وەك بازارێـك بـۆ هەنارده كردنی شمەك و كالاكانیان ..... هتد .

تـەواوی ئـەم چـەمكانە و زۆر چـەمكی تـر لـە مـرۆدا ، بـەدەر لـە پێناسـە كـۆن و باوەكـان پێویسـتە

لێكتریان جیاكەینەوەو وەك كەسەرتەی سەرەكی بۆگۆران قسەیان لەسەر بكەین.

هەر بۆیە كاتێك كە باس لە گۆڕان دەكەین داخوا گۆڕانی ( كەس )ەكان دەبنە سەرچاوەی راستكردنەوەی هەموو ئەو چەمكانە؟ . لەكاتێكدا هەمووومان رۆڵی ( تاك)ی كارا بە هەردوو رووی پۆزەتیف و نەگەتیف لە قۆناغە جیاجیاكانی مێژوو دەزانین، بەلاَم ئەم تاكانە بەكام پێوەر بپێوین؟ . بێگومان چ مێژووی سیاسی و چ لێكۆڵینەوەكانی زانستی سیاسی ئەوەیان سەلماندووە كە ئەگەر سیاسەت بەمانەی چالاكی یەكی مرۆڤانەی مرۆڤ بێت بو هێنانەدی بەرژەوەندی كۆمەڵە كەسێك ، كەواتە چەمكی ( بەرژەوەندی ) پێوەری سەرەكی یە و هەرگیز (رەوشت) جگە لە مەرجێكی پۆزەتیف ، نەبۆتە پێوەرێك لە ئاراستەكردنی ململانێكان دە كەبێگومان رۆڵی زۆرێك لەو كەس وتاكانە دیارن، چ لە مێژووی گەلانداو چ لە پرۆسەی سیاسی و بزوتنەوە شۆڕشگێڕی نیشتیمانیەكاندا . ( خۆ لەلای ئێمەو كۆمەڵگەكانی هاوشێوەی ئێمە دا زۆرێك لەوانەی لە مرۆدا بەگەندەڵ ناو دەبرێن و بوونەتە بەشێك لە مشەخۆران ودروست كەری نایەكسانیو نەدادپەروەری . لەسەردەمێك دا نەك هەر خەڵكانی رەوشت باش بوون، بەڵكو شۆڕشگێڕو تێكۆشەرو جل بۆری چەك لەشان وخاكی و ئامادەی خۆبەخت كردنیش بوون . لەمێژووی گەلاندا زۆرن ئەوانەی كە بۆسەردەمی خۆیان شۆڕشگێڕو كەسایەتی كاریگەروسەرەكی بوون لە بزوتنەوە و گۆڕانكاری یە سیاسی ونیشتیمانی یە رزگاریخوازەكانی دەوڵەتدا ، بەلاَم پاش رزگاربوون ناكۆكی یە كان بە بەرگێكی نوێ وبەشێوازێكی تر سەریان هەڵداوەتەوە بەتایبەتی ئەومەسەلانەی كە پەیوەستن بە ماف وئازادی یە دیموكراسی وچینایەتی یەكان. كەلەراستی دا زۆربەی شۆڕشەكانی كە شۆڕشی رزگاری نیشتیمانی بوون بەهۆی زەرورەتی قۆناغەكانی ئەو شۆڕشەوە نەیان توانیوە كار بۆئامانجە دیوكراسی و یەكسانی خوازەكان بكەن و زۆرجاریش هەمان زهنیەتی پاوان خوازی و دەسەلاَت قۆرغ كردن بەسەر ئەوانیش دا زاڵبووە . بەتایبەتی كاتێك كە شۆڕشگێڕانی ئەو شۆڕشە تەنیا لە خەڵكی زەحمەتكێش و بەشمەینەت پێك نەهاتووەو لە ئاكامی ئەمەشدا زۆربەی جار بەرژەوەندی یەكانی ئەم توێژە بۆرژوایە كە زۆربەی كات لەنێو شوێنەكانی بڕیار بوونەو رۆڵێكی گرنگیان گێڕاوە لە ئاراستەكردنی مۆدیلی سیستەمی سیاسی وشێوازی دەسەلاَتدا بەئاراستەیەك كە بەرژەوەندی یەكانی ئەوانی تیادا پارێزراوبێت ( نمونەی ئەم واقیعەش لە مێژووی هەموو شۆڕشە رزگاریخوازەكانی عەرەبی وروژهەلاَتی ناوەراست وناوچەكەدا دەبینرێت ) .

**بێگومان لەم قۆناغ و واقیعەی ئێمەدا مەبەستی سەرەكی لەگۆڕان كودەتا یان دارمان نی یە ، هێندەی مەبەست چاكسازی و گۆڕینی ئەو مۆدیلەیە كە بەرێوە دەچێت**

كەواتە ئێمە لەم قۆناغەی ئێستاماندا لەگەڵ فەرامۆش نەكردنی ئەركە نیشتیمانی یە بالاَكانی قەوارە نیشتیمانیە نەچەسپاوەكەماندا . پێویستمان بە گۆڕانە لە سیستەمو سروشتی دەسەلاَت، بەمانای گۆڕان ( لە سیستەمی سیاسی بە سروشتی سیاسی حزبی سیاسیەوە... لەشێوازی

ئينتما .. له كاريزميەتو پيرۆزكردن..له سيستەمى ئابورى ...له سيستەمى كۆمەلأيەتى... لەسيستەمى رۆشنبيرى......هتد) . بێگومان ئەمانەش پێويستيان هەم به كاتو هەم به هۆشياريەكى تر هەيه كه (تاك) تيادا رۆلێكى كاريگەرى هەبێت چ لەبەشدارى و چ لەبرپياردان به هۆشياريەكى ترو زهينەتێكى ترەوە.

ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ ئەگەر ديموكرلسى ئامرازێكى دەسته جەمعى گرنگى ئالۆگۆڕەكانى بێت، كەواته پێويسته (حزبى سيلسى ، دياره مەبەست لەو حيزبانەيه كه ديموكرلسخوازو هەلگرى ديموكرلسين ) وەك ئامرازێكى پێشكەوتوى مەدەنى سيلسى نەخرێته بەرامبەر( تاك ) وه لەپرۆسەى گۆڕانەكاندا. كه بێگومان مەبەست لەمه كەمكردنەوە يان فەرامۆشكردنى تاك نييه لەماف‌و ئازاديەكانى دا.. چونكه كاتێك باس له حيزب دەكرێت پێويست وايه ئەو حيزبه له كۆمەلّه كەسێك پێك بێت كه هەلگرى يەك ئامانج و بەرژەوەندى بن و وەك پێويستى يەكى بابەتى خولّقابێت و هەلگرى سياسەت و بەرنامەيەكى ديموكراسى و بڕواى به ديموكراسى بێت... نەك گەڕانەوە بۆ سەردەمى تاك گەرايى كه جگه لەديكتاتۆريەت هيچى تر بەرهەم ناهێنێو هۆيەكيشه بۆ سەرهەلّدانەوەى ريتمى خێلأيەتىو نەريته باوە سواوەكانى دوێنێ... هەربۆيه پێويست وايه بەر له هەر شتێك گۆڕان له سيستەمى گشتى و شێوازى (حزب) بكەين ،كه كاريگەرترين زەمينەيه بۆ خولّقاندنى به دامەزراوەيى كردنو به يلسايى كردنى هەلّسوكەوتو بڕيارەكان (چ له پێكهاتەى سەركردايەتيەكەى چ له دەست نيشانى نوێنەرەكان بۆ دامەزراوە دەستورى يەكان و...... هتد). ئەوجا گۆڕان له بەرنامەو ئەوپرەنسيپانەى كه هەم بۆ ئەمرۆ كۆن بوونەو هەم ناتوانن ببنەميكانيزمێك بۆ گۆڕينى واقيع و زۆر جايش هۆيەكن بۆ بەلادا بردنى حزبى سياسى وميتۆدە فكرى وسيلسى يە سەرەكيەكانى كه له دروست بوون و گەشه كردنى دا پشتى پێ بەستووە، چونكه ناكرێت حزبێك خۆى وەك حيزبێكى يەكسان خوازو پێشكەوتوخواز، يان وەك (حيزبێكى عەلمانى ...يان سۆسيالست ...يان سۆسيال ديموكرات )و ديموكراتخواز بناسێنێ كەچى له كردارو پراكتيكدا به پێچەوانەى ئەو تێزو تێروانينه هەلّبسوڕێ وبڕيار بدات...بەتايبەتى لەقۆناغى ئيستادا كەسەرەتاى بناغەدانانى كايه سەرەكييەكانى ديموكراسيه بۆئايندەى كۆمەلگاى كوردستانى، هەر بۆيه پێويست وايه زۆر به جورئەت ترو دوور له هەرچى تەموو مژى و بەرژەوەندييه حزبيه تەسكەكان له نێو كۆمەلگادا خۆى بنلسێنێ و كار بۆ بەدى هێنانى ئەو دورشم و بەرنامانه بكەن ، به له بەرچاو گرتنى ئەم هەلومەرجه نيمچه فيدرالى و هێشتا نەچەسپاوەى دەولّەتێك كه تا ئەمرۆ به زهنيەتى مەزهەب گەرايى و شۆفينيەتى نەتەوەى سەردەست هەلّدەسوڕێ وزۆربەى هەرە زۆرى حزبەكانيان به ( سونەو شيعەو .....هتد )ناتوانن دان به بوونى ماف و قەوارەى گەلێكى پارچه پارچه كراوى به زۆر لكێنراو وەك گەلى كوردستاندا بنێن . هەلّبەته لەم خوێندنەوەيەدا مەبەست لەوە نييه مادام بارودۆخى سيلسى ئالۆزەو هێشتان مەسەله سياسى يەكانى كورد لەبەغدا چارەدەكرێت، جارێ كاتى رێكخستنەوەى مالّ و ململانێ ناوخۆييەكان نييه و پێويسته هەلگيرێت بۆ پاش يەكلايى كردنەوەى ئەو مەسەله ئالۆزانه . بەپێچەوانەوە دەكرێت ئەوانەش له ئاستى يەكڕيزىو بەرنامه هاوبەشه چارەنووس سازە كوردستانيه كاندا بدينرێتو، له هەمان كاتيشدا به بەردەوامى مالّى خۆمان رێكخەينەوەو لەو ئالۆگۆڕو گۆرانكاريانه نەترسين كه دەبنه هێزو فاكتەرى نوێ بوونەوە (گەر مەبەستمان بێت به ئيرادەيەكى ديموكراسيانەى ريفۆرمخوازانەوە له واقيع بڕوانين )چونكه گرنگترين هێز بۆ راگرتنى پارسەنگى هێز له بەرامبەر نەيارانىدا يەكڕيزى و پشتگيرى هێزى

جـەماوەرى ناوخۆيـە، كـە بێگومـان ئەمـەش تـەنيا لـە لێ رازى بـوونى كۆمـەڵگادا رەنـگ دەداتـەوە، لـە و دەسـەلاتەى كـە بـە ئـەركى بـەرێوەبردن هەڵدەسـتێ و بـە دەسـەلاتى شەرعيى خۆيانى دەزانن .

هـەر بۆيـە گـۆڕانى رلسـتەقينە پێويـستە لـەناوەڕۆكى (حـزب)ەوە دەست پێ بكات و لەوێشەوە كار بۆ گۆڕان لـە سيستەمى گشتى بكات، بۆ ئەمـەش پێويـست وايـە هاولاتى بەهوشـيارى و بـەر پرسـياريتى يـەوە مامەڵـە لەگـەڵ مـافو ئـازادى يـەكانى وبەرژەوەنـدى يـە گـشتى يەكانـدا بكـاتو، هـەرگيز وەك تـاكێكى بـێ هـودە (لائوبـالى) دەرنەكـەوێ و بەشـداريیەكى كـارا لـە مـاف و دەنگـدانى خۆيـدا بكات ، كـە سالەهايە كە ئەم گەلـە بۆ دەستەبەر كردنـى ئـەو مافانـە تێكۆشـان دەكـات وبەشـێكى گرنگـە لەمێـژووى بزوتنـەوەى نيـشتيمانى و ديموكراسـى گـەلى كوردو زدى قۆنـاغێكى مێـژووى –سيلسـى ئـەم كۆمەلگەيـە بـووە.. بەتايبـەتى پێويـستە كـار بـۆ چەسـپاندنى ديموكراسـى بـەمانا فراوانەكـەى بكـەين و، هـێچ كـات ديموكراسـى تـەنيا لـە هەڵبژاردنـدا چـڕنەكەينەوە، كەهەڵبـژاردن تـەنيا پرەنـسيپێكە لـە پرەنـسيپەكانى پرۆسـەى كـارى ديموكراسـى و، لـەوە زيـاتر نـى يـە كـەپێك هاتـەى ئەنجومەنـەكان بـەپێ ى چـەندايەتى وچـلۆنايەتى لەماوەيـەكى ديـاريكراودا دەگـۆڕێ ، چـونكە ديموكراسـى پەيوەسـتە بـەو مـاف و ئازاديانـەى تـاك (هـاولاتى) كەلـە هـەموو پرۆرسـەكانى (سياسـى – كۆمەلايـەتى – ئـابوورى – ڕۆشـنبيرى) دا رەنـگ داوەتـەوەو، هـەر بەهەڵـە خوێندنەوەيـەك بـۆ نـاوەڕۆكى رلستەقينەى ديموكراسـى دەبێتـە فاكتـەرێك بـۆ

**هـەموو دەسـەلاتێك هـەڵگرى فەلـسەفەو شـێوازێكى دەسەلاتدارى يەو لـە رێگـەى ئـەو دەسـەلاتەوە هـەوڵى قـۆرغ كردنـى هـەموو دامـەزراوەكان دەدات ، بەتايبـەتى ( هێـزە چـەكدارەكان و دارايـى )و لەوێشەوە هەرسێ دامـەزراوەكان ( پەرلـەمان – حكومـەت – دادوەرى )**

چەوشـەكردن و شـێواندنى ئـەو چـەمكانەو زيـانێكى گـەورەو مەترسـيدار هـەم بـە پرۆسـەى سياسـى وهـەم بـە پرۆسـەى ديموكراسـى دەگەيـەنێ كەهێـشتان لـە سـەرەتايى تـرين هـەنگاوەكانى بنيادنـانى قـەوارەو پرۆسـەى بـە ديموكراتى كردندايين .

مێـژووى سياسـى هـەموو كۆمـەڵگا پێشكەوتووەكان ، كەلـە مـرۆدا بوونەتـە سمبـولى ديموكرلسـى و پێـشكەوتن ،لـەقۆناغى رزگـارى وپێكهێنـانى دەوڵـەتى نەتـەوەيى دا بـەم دۆخـەى ئێمـەدا تێپەربوونـە و، پاشـتر بـەهۆى كۆمـەڵێك نـاكۆكى چـينايەتى ونابەرابـەرى وململانـێ و شـەڕەكان لەسـەر دەسـەلات و هەوڵـدانيان بـۆ چاكـسازى بـە ئـيرادەى تـاك و رێكخـراوە دەسـتەجەمعيەكانى ئـەو كۆمەلگايانـە توانيويانـە سـەرلە نـوێ سيـستەمەكانى گـشتى و شـێوازى دەسـەلاتدارى بەبـەردەوامى بگـۆڕن و لەگـەڵ رەوتـى پەرەسـەندنە نوێكانـدا بـە جۆرێك بيگـونجێنن كـە زۆرتـرين مـاف وئـازادى و بـەها مرۆڤايـەتى يـەكان لـە خۆبگرێت . (بلشـترين نمونـەش دەوڵەتـە سۆسـيال ديموكراتەكانـە كـە توانويانـە لەسـەر بنەمايـەكى سۆسياليـستى و بەڕوانين وكرانەوەيـەكى ئـابوورى و سياسـى هـەنگاو بنـێن ، نـەك دەوڵـەتانى ليبراليزمـى نـوێ ى سـەرمايەدارى كـە هەرچـەن هـەڵگرى دروشمـەكانى ئـازادى و ديموكراسـيش بـن بـەلام لـەو پـەرى نـا يەكـسانى و نـا دادپـەروەرى كۆمەلايـەتى و ناكۆكييـە چينايەتى يـەكان دەبينرێت و مرۆڤـەكان وەك كـالاو كەرەسـتەو ئـامێرى بەرهـەم هـێن لـە

خزمەت قازانجی خاوەن سەرمایەو کۆمپانیاکانیادا کۆیلە ئاسا دەجولێن ).

## کەواتە گۆڕان لە کوێوە دەست پێ دەکات.....؟

ئەگەرپاش ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەسیستەمی فەرمان رەوایی دا رویان داوە هەر لە سیستەمی فەرمانرەوایی پاشایەتی بە نوێنەرایەتی راستەوخۆی خودایی ( الالهی المباشر ) و پاشتر ناراستەوخۆ ( الالهی غیر مباشر ) و ئەوجا سیستەمی فەرمانڕەوایی لەسەر بنەمای هێزو دواتر لەسەر بنەمای بۆماوەیی و ......هتد . ..تا سیستەمی کۆماریی کە لەهەمووی دا کۆمەڵگە لەدەرەوەی بازنەی فەرمانرەوایی و هەمیشە پەراویزکراوو فەرمان بەسەردا سەپێنراو بوبێت و بازنەی دەسەلات تەنیا لە لایەن توێژێکی کەمی بالاو خانەوادەی بالادەستان و ئەوبنەمالانەوە بەرێوە برابێت ...لە قۆناغی ئەمرۆدا سیستەمی دیموکرلسی تەواوی ناوەرۆکی ئەو شێوازە فەرمانڕەوایی یەی گۆڕیوە کە بەماندووبوون و تارادەی خوێن رشنێکی زۆر بەرهەم هاتووە . ئەوا لە ئیستادا پێوەرەکانی ژیانی سیاسی کۆمەڵگە و سیستەمی فەرمانرەوایی لەم هاوکێشە پێکەوە گرێدراوە دا چردەبێتەوە:

( کۆمەڵگە رێکخراوبوونی دەستەجەمعی دەسەلات )
(حزبی سیلسی )

★ کۆمەڵگە ....: .بەهۆی ئالۆز بوونی ژیان و زیادبوونی پێویستی یەکانی یەوە بەبەردەوامی داواکاری یەکانی لەچواچێوەی ( مافە مەدەنی و سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیرییەکان) دەگۆڕێن و ، دەبنە کۆمەلێك داواکاری و هەولدەدات بیگەیەنێتە دەسەلات لە رێگەی (مدخلات – in put) ەوە بۆ ئەمەش پێویستی خۆریکخستن و ریکخراو بوونە تا وەك هێزێکی فشار کاریگەریی هەبێت لەسەر دەسەلات ، لەوێشەوە لە دەستورو یاساکاندا رەنگ بداتەوە .

★ رێکخراوبوونی دەستە جەمعی ...: .لەئاکامی زیادبوونی نارەزایی یەکان و وەلام نەدانەوەی داواکارییەکان یان سەرکوت کردنی خەڵك و دروست بوونی بۆشایی لەنێوان کۆمەلگاو دەسەلاتدا وەك پێویستی یەکی بابەتی گروپ و رێکخراوو حزبی سیاسی لە نێو کۆمەلگە دروست دەبێت و،دەبێتە ئامرازێك بۆ گەیاندنی ئەو داواکاریانە بە دەسەلات ، بەتایبەتی کاتێك کە ئەو داواکاریانە لەلایەن دەسەلاتەوە وەلامیان نابێت و دەبنە نارەزایی ، لێرەشەوە سروشت و ئەرکی ئەو رێکخراوە دەستە جەمعیانە لە ئامرازێکەوە بۆ گەیاندنی داواکاری یە کان دەگۆرێ بۆ ( حزب ) و تێکۆشان لەپێناو گۆرینی دەسەلات . جا بە رێگەی دیموکراسی بێت (دەستاودەستی ئاشتیانەی دەسەلات ) یان بە رێگەی شۆڕش و کودەتا .

★ دەسەلات ....: هەموو دەسەلاتێك هەلگری فەلسەفەو شێوازێکی دەسەلاتداری یەو لە رێگەی ئەو دەسەلاتەوە هەولی قۆرغ کردنی هەموو دامەزراوەکان دەدات ، بەتایبەتی ( هێزە چەکدارەکان و دارایی ) و لەوێشەوە هەرسێ دامەزراوە کان ( پەرلەمان – حکومەت – دادوەری) . لێرەوە شێوازی وەلامدانەوەی ( مخرجات – out put) بۆ داواکاری یەکانی کۆمەلگە ناوەرۆك و رووی راستەقینەی ئەو شێوازو فەلسەفەی دەسەلاتداری یە دەردەخات ، کە ( دیموکرلسیە یان نا دیموکراسی ) ە و ، چەند ئامادەیی تێدایە بۆ چارەسەر کردنی پێویستی یەکانی کۆمەلگە . کە هەر ئەم پرۆسەیەشە حوکمی بەردەوام بوون یان دارمانی ئەو دەسەلاتە دیاری دەکا . هەر بۆیە کاتێك کە ئەرکی حزبی سیاسی لە ئامرازێکی گەیەنەری داواکارییەکانەوە دەگۆرێت بۆ وەرگرتنی دەسەلات و دەسەلات دەگرێتە دەست و ناتوانێ ئەو ئامانجانەی کەلەپێناویدا دروست بووە بۆ کۆمەلگە زامن

بكات، لێرەوە كێشەكان سەرهەڵدەدەن و بۆشايى يەكى نوێ دروست دەبێت و ( حزب و دەسەلآت ) تێكەڵ دەبن و زۆربەى جاريش حيزب دەبێتە ناوەندى بريارو دەسەلآت ئاراستە دەكات . ئيتر ئەو حزبە سياسيە لەئاكامى ململانێ جۆراو جۆرەكانەوە دەكەوێتە قەيرانێكى كوشندەو لە بەر يەك هەڵوەشانەوە . بەمەش بەر لە هەر شتێك پێويست بە گۆڕان لە سروشتى حزب پاشان لە تەواوى سيستەمەكانى گشتى دەكات . لەناو ئەوانيشدا سيستەمى سياسى بە هەموو دامەزراوەكانى يەوە ، بێگومان لەم قۆناغ و واقيعەى ئێمەدا مەبەستى سەرەكى لەگۆڕان كودەتا يان دارمان نى يە ، هێندەى مەبەست چاكسازى و گۆڕينى ئەو مۆديلەيە كە بەرێوە دەچێت .

## كاريگەرى حزبى سياسى لە ئامرازەوە بۆ بوون بە ئامانج

ئەگەر رۆڵ و كاريگەرى وحوكمى تاك و تاكگەرايى لە قۆناغەكانى پەرەسەندنى مێژووى مرۆڤايەتى دا چەند سەدەيەكى خايانددبێت ، ماوەيەكى كەم نى يە بيرمەندانى فكرى سياسى و بە تێروانينە رەخنە گرەكانيانەوە لە پالْ ئەزموونە سياسى يە جۆربەجۆرەكانى ژيانى مرۆڤايەتى ئەوميان سەلاندوە ، كە ئەم قۆناغە قۆناغى دەستە جەمعى و كارى بە كۆمەڵى مرۆڤەو هەر لەم روانگەيەشەوە ( حزب ) وەك ئامرازێكى رێكخراو بوون سەرى هەڵدا لەپێناو گۆڕينى سيستەمى دەسەلآت و چەسپاندنى سيستەمێكى نوێ كە زۆرترين ماف و ئازادى يەكانى تێدا دەستەبەر كرابێت ، ئەم ئازادى يەش بوارى بۆ چەندين حزب و رێكخراو و كۆمەڵەى سياسى خولْقاند كە بەرنامەكانيان ئاراستەى كۆمەلْگا بكەن بۆ گەياندنى داواكارى و تێروانينەكانيان لە چوار چێوەى كۆمەڵێك ياساى مەدەنى . بێگومان ئەم بنەمايەش بێ بوونى سيستەمێكى ديموكراسى كەتەواوى ماف و ئازادييەكان لە سەر زەمينەى ( ئەرك و ماف ) دەكان بۆ هەموو دەستە بەر بكات زەحمەتە ، چونكە نەبوونى ئەو سيستەمە ديموكراسيە جگە لە شموليەت و تاكڕەوى حزبى و قۆرغكارى دەسەلآت و پشتر گۆڕان بۆ حزبى دەسەلآت و دواجار فاشيزم زياتر بەرهەم ناهێنێ ، كە نزيكترين نموونەش ئەزموونى نازيەكان و بەعسيەكانە . كەواتە سروشت و زهنيەتى حزبى سياسى رۆڵێكى سەرەكى و گرنگ دەگێرێت لە و پرۆسە سياسى يە دا و پێويستە هەنگاوى يەكەميش بۆ گۆرانكارى لێرەوە دەست پێ بكرێت ، چونكە يەكێك لەو پاشەكشەو هۆكارە زيان بەخشانەى ئەمرۆى ئێمە رۆڵى حزبە لە پرۆسەى سياسى دا كە هەميشە وەك دەسەلآتێكى سەروتر لە دەسەلآتى ئەو دامەزراوە شەرعيانە دياركەوتووە، زۆر جاريش وەك مەرجەعێك لە ديارى كردنى چارەنووس و ژيانى هاوولآتى دا دەركوتووە .. كە بێگومان لەم شێوە سيستەمانەدا زۆرێك لە خەلْكانى هەلپەرست و نەشياو رۆڵى نەرێنى و ناشيرين دە گێڕن تيايدا . بەمەش هەم زيان بەپرۆسەى سياسى و هەم بەو حزبانەش گەيشتووە لە تێروانين ولە پێش چاوى خەلْك و تارادەى ئەوەى لە مرۆدا (حزب) وەك دەزگايەكى نلشيرين دەربكەوێت كە پێويستە پێچەوانەكەى رلست بێت و رێگە نەدرێت بە گەرانەوە و پيروز كردن و بەكاريزما كردنى (تاكەكەس) و ( بنەمالە ) و ( خێلگەرى ) وەك فريادرەس و رزگاركەر كە ئەمە بۆ خۆى لادانە لە ناوەرۆكى دەستە جەمعى لە بريارادان و كارى بە كۆمەڵى ديموكراسيانەى حزب ، چونكە حزبى سياسى هەلگرى بەرنامەو پرۆژەى سياسييە وەك نوێنەرى چينێك يان توێژێك يان چەند چين و توێژێكى كۆمەلآيەتى لە پرۆسەى سياسى ديموكراسى دا بەپێى بەرنامەيەكى (سياسى-ئابورى – كۆمەلآيەتى – رۆشنبيرى ) .... چونكە ئەگەر حزبى سياسى

توانی بەم پێوەرە کاربکات.. بێگومان بۆ ئەوەی بتوانی داکۆکی لە بەرنامەو تێروانینە سیاسییەکانی خۆی بکات هەوڵ دەدات هەم کەسانی ناشایستە لە خۆی دووربخاتەوەو، هەم کەسانی شیاو بۆ دامەزراوەکان (پەرلەمان و حکومەت) و شوێنەکانی تر دیاری بکاو ، هەم ڕێگە نەدات خەڵکانی هەلپەرست و مشەخۆر وەك مۆرانە جەستەی دارزێنی، بەمەش دەتوانێ ئەو شیواوی‌و بارودۆخە بەرادیەکی زۆر چارەسەر بکات و هاندەرێکی باشیش بێت بۆ هاندانی خەڵك لە بەشداری سیاسیان و بەکارهێنانی مافەکانیان لەپرۆسەی دەنگدان و دیاری کردنی دەسەلاتدارانیدا . لێرەشەوە کاتێك کە کەرەستەکانی دیموکراسی دیاری دەکرێن هەرگیز لەوە ناترسێت بە کام شێواز دانرێن و بەکام پرەسیپ پیا دەکرێن ، لە کاتی دەرنەچونیشی دا بەرپرسیارانە ئەنجامەکانی قبوڵ دەکات ، چونکە (حزبی سیاسی) ئەگەر زادەو هەڵقولاوی واقیعێکی (مێژوویی - بابەتی) بێت ئەوە بۆ خۆی بەردەوامی دەبێت‌و هەوڵدەدات سوود لەهەڵەو کەمو کورییەکانی وەرگرێت.. هەرچەند ناکرێت ئەم خوێندنەوە یە وەك کلێشەیەکی نەگۆڕو هێنراو مامەڵەی لەگەڵ دا بکرێت، چونکە کۆمەڵگاکان لە پرۆسەی پەرەسەندیاندا وەك یەك نین و، واقیعی (سیاسی – ئابوری – کۆمەلایەتی – رۆشنبیری) هەر کۆمەلگایەك بۆ کۆمەلگایەکی تر بەپێی کەرەستەکان دەگۆڕێ ...بە تایبەتی سیستەمی دیموکراسی کە هەرگیز وەك کلێشەیەکی هاوردە مامەڵەی لە گەڵدا ناکرێت .

## سیستەمی سیاسی وەك مۆدێلێك بۆ فکری سیاسی دەسەلات

جیا لەو پێناسە باوەی کە سیستەمی سیاسی بریتی یە لە هەر سێ دەسەلاتەکەی ( یاسا دانان و جێ بە جێ کردن و دادوەری ) ، لە پێناسەی نوێ دا بەوە پێناسە دەکرێت کە سیستەمێکی کۆمەلایە تی یە و بە ئەرکی بەرێوە بردن هەڵدەستێت ، لەرێگەی ئەو دەسەلاتەی کە رێساو یاساکان بواری پێدەدات لە پێناو هێنانە دی بەرژەوەندی گشتی دا و لە چوار چێوەی دانان وچالاك کردنی پرۆسەی سیاسی یەوە . هەر بۆیە کاتێك کە سیستەمی سیاسی ورد دەکەینەوە چەمکی فکری سیاسی دێتە پێش کە جەوهەری سیستەمی سیلسی پێك دەهێنێ، بەتایبەتی کە ئەم چەمکە راستەو خۆ پەیوەستە بە ئاوێتە بوونی ئەو قەوارانەی کە بەئاگان لە چەمکی ماف و بەهای دادپەروەری و یەکسانی و ئازادی و ...هتد .

ئەگەر ناوەرۆك و ئاراستەبوونی سیستەمی سیاسی پەیوەست بێت بە فکرێکی سیاسی یەوە ئەوە فکری سیلسیش لە ویست و زهنیەتی دەسەلاتداران یان لە بەشداری لە دەسەلاتدا چر دەبێتەوە کە ئەویش لە دەستور و دەسەلاتەکان و سەرکردایەتی سیاسی دا رەنگ دەداتەوە، لە پاڵ ئەمانەش رۆژنامەگەری ( کە لە سیستەمە دیموکرلسی یەکاندا وەك دەسەلاتێك یان دەسەلاتی چوارەم دەبینرێن ) و حزبی سیلسی و ریکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی و کۆمەڵەکانی فشار (کە هەم بەشدارن لە پرۆسەی سیاسی و هەم بەشێکن لە رەی گشتی ) لە نێو ئەو سیستەمە سیلسی یەدا وەك هێزو کەڵچەرێکی چالاك و چاودێرێکی وریا ئاوێتەی هەموو دیاردە نەگەتیڤ و پۆزەتیڤەکان دەبن . کەواتە سیستەمی سیاسی وەك جەستەیەك دەردەکەوێت کە هەموو دامەزراوەکان لەنێو یەك بازنەی دیاریکراودا و لەرێگەی فەلسەفەی دەسەلاتەوە ئاراستە دەکات ، ( واتە ئیرادەی حزبی خاوەن دەسەلات و خاوەن زۆرینەی

دەنگــــدەران ) . بەمــــەش ئــــەركى وەلأمدانــــەوەی داواكارييــەكانی دەكەوێتــە ئەســتۆ و ردەی ئــەو بەدەنگــەوە هاتنــە مــەودی ئــەو بۆشــایی یــەی نێــوان هاولأتيــان و دەســەلأت ديــاری دەكــات . بێگومــان پــەرێز خــستن و گوێنــەدان بــە ويــست و داواكارييــەكانی گۆمەلگــە لەرێگــەی پرەنــسيپی ( مــدخلات -in put) ەوە پــێ ی دەگــلت كەفاكتــەری ســەرەكيە بــۆ گــۆڕان و زۆر جــاريش دارمــان، لێــرەدا رادەی ديمــوكراتيزە كــردن و بــڕوا بــوون بــە ديموكراســی رۆڵــی ســەرەكی دەبينێــت لــە زەرورەتــی ريفــۆرم يــان گــۆڕان يــان بــەردەوام بــوون و پێــشكەوتنی پرۆســەی سياسی .

كەواتــە ئەگــەر گريمــان سيــستەمی سياســی بزوێنــەری سيــستەمی گــشتی گۆمەلگــە بێــت ئــەوا حيزبــی سياســی هەلــسوڕێنەرو ئاراســتەكەری سيــستەمی سيلــسی يــە و هــەر نلسروشتی بونێك لە دەســەلأت يان بــەرەو دوا بردنێك يان نابەرابــەری و نايەكــسانی ونادادپــەروەری كۆمەلأيــەتی يــەك، بەشی زۆری دەكەوێتــە ئەســتۆی ( حزبــی دەســەلأت ) و پێويــست وايــە زۆربــەی پرســيارە رلــستە قينــەكان لــە ( حزبــی دەســـەلأت ) بكرێــت و ناچــار بــە گــۆڕان و وەلأمدانــەوە ی داواكــاری يــەكان و گــۆرينی سيــستەمەكانی دەســەلأت و سيــستەمی گــشتی بكرێــت ، بۆئەمــەش پێويــست بــە هوشــيارييەكی سياســی گونجــاوی هاولأتيــان دەكات .

كەواتە ئايا مەبەست لــە گــۆڕينی سيستەمی سياسی هەيــە ...؟ ئەگــەر هەيــە كــام سيــستەم مەبەســتە بخرێتــە جێگــای ئــەم سيــستەمەی ئێــستا ...؟ لەكاتێكــدا دوو شــێوازی دەســەلأتداری سياســی هــەن ( شــێوازی ديموكرلــسی و نلديموكراســی ) . هەڵبەتــە ئێمــەی گــەلی كــورد ســالأنێكی زۆرە كــار دەكــەين لــە پێنــاو گــۆڕينی سيــستەمی نلديموكراسی كــە لەســەر بنــەمای تــاكڕەوی وشموليــە ت و دكتــاتوری بنيــاد نرابوو بــۆ سيــستەمێك كــە لەســەر بنــەمای فــرە حزبــی و ئــازادی و دەستاودەســتی ئاشــتيانەی دەســەلأت و ئــازادی بــيروڕاو ئــازادی رۆژنامەگــەری و مــافی مــرۆڤ و ســەروەری ياســا و شــەفافيەت لــە بڕيــارە چــارەنوس ســازەكان و يەكــسانی و دادپــەروەری لــە دابەشــكردنی ســامان و مــاف وئەركەكانــدا بنيــاد بنرێــت . ئەمانــە تــا چــەند بــەدی هــاتوون ..؟ هەڵبەتــە قــسەكردن لەســەر گۆڕانكــاری قــسە كردنــە لــە ســەر رادەو رێــژەی بەدەســت هــاتنی ئــەم ئامانجانە كە لەم مۆدێلەی ئەمڕۆدا پيادە دەكرێت .

## سيــستەمی ئــابوری و رەنگدانــەوەی لەســەر چــەمكی يەكسانی ودادپەروەری :

ئەگــەر نــاوەڕۆكی ســيتەمی ئــابوری ئــەمرۆی ئێمــە پەيوەســت بێــت بــە ئــازادی بــازاڕ ( بــازاڕی ئــازاد ) ئــەوە بێگومــان نــاوەڕۆكی بــازاڕی ئــازاديش پەيوەســتە بــە ( قــازانج) ، لێــرەوە سروشــت و فەلــسەفەی بــازاڕ كۆمــەلێك بنــەماو پرەنــسيپ ودەســەلأتی نــوێ دەخــولقێنێ بــەئامانجی زيــاترين قــازانج كــە هــيچ كــات لــە گــەڵ چــەمكەكانی يەكــسانی و دادپەرووەريــدا يــەك ناگرنــەوە و بەشــێوەيەكی رلــستەوخۆ لــە سيــستەمە ســەرمايەدارييەكانداو بــە نارلــستەوخۆ ش لــە دەولــەتانی دواكــەوتوو يــان لاوازو نــاجێگیر، سيــستەمی سيلــسيش لــە بەرژەوەنــدی خــۆی واتــە بەرژەوەندیــەكانی بــازاڕ ئاراســتە دەكــا. ئــەم كاريگەريــەش لــەو كۆمەلگايانــەی كــە سيــستەمەكانی ئــابوری يــان بەرێــچكەيەكی سروشــتی دا تێپەرنــەبووە زيــاتر رەنــگ دەداتــەوە ، بەتايبــەتی لــەو كۆمەلگايانــەدا كــە پەيوەنديیــە ئابوريیــەكانيان هێنــدەی بــە بپــێ ی بنــەمای ( بەشــی خــۆم بــۆ خــۆم وبەشــی تــۆش دەخــۆم ) و بــە دەســتی توێــژێكی مــشەخۆرو هەلپەرســت هەلــسوڕاوە، كاريگــەرتروو مەترســی دا تــرە ، بەتايبــەتی لەئــەنجامی نــاجێگيری سياســی و ســستی دەســەلأتی دادوەری كــە بــوار بــۆ بازاڕو بازرگانــانی مــشەخۆر والأتــر دەكات بــۆ قــۆرغ كــردن وزۆرتــرين قــازانج ، بەمــەش چــەمكی (

دەوڵەمەند دەوڵەمەندترو هەژار هەژارتر ) روون تر دەبێت و رۆژبەرۆژ چینی ناوەراست لە نێو لەشکری هەژاراندا دەتوێتەوە و کەمینەیەکی خاوەن سەرمایەش هەم بازاڕو هەم دەسەلاتی سیاسیش دەگرنە دەست و بەمەش هەم سیستەمی سیاسی و هەم سیستەمی ئابوری کۆنترۆڵ دەکەن و کاریگەریشیان دەبێت لەسەر هەردوو سیستەمی کۆمەلایەتی و رۆشنبیری لەخزمەتی بەرژەوەندیەکانیاندا ، کە لە بنەڕەتدا هەوڵدانە بۆ زامن کردنی زۆرترین دەسکەوت و قازانج . .بێگومان لەم سەردەمەی پاش شەڕی ساردیش سیستەمی نوێی جیهانی بەتێزی لیبرالیزمی نوێی سەرمایەداری ئارادەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر تەواوی کۆمەڵگەکانی جیهان هەبووەو زۆربەی بازاڕەکانی جیهان ئەم رستیەی پێوەدیارە بەتایبەتی ئەو دەست تێوەردانانەی رێکخراوەکانی بازرگانی جیهانی و بانکی نیودەوڵەتی و .....هتد . ئەوقەیرانە ئابورییەی کە ئەمرۆ جیهان تێی کەوتووەو رۆژ بە رۆژ پەل بۆ نێو تەواوی جیهان دەهاوێ و تاکە هەنگاویش بۆ چارەسەر کردنی ئەو قەیرانە گەڕانەوەیانە بۆ پرەنسیپی هاتنە ناوەوە یان بەشداری حکومەت و پلانی ئابوری ئارستەکراو کە سالأنێکی زۆربوو تێزی سەرمایەداری دژی دەوەستایەوە وەك پرەنسیپێکی ئابوری سۆسیالیستی .

هەڵبەتە لەم قۆناغەی ئێستای ئێمەدا ئەگەر چی تا رادەیەکی زۆر لە پێناو بنیادنان و بوژانەوەدا پیویستمان بەکرانەوەیە و دەبێت ئەو سیستەمە ئابوریە خزمەت بەدۆزی ئابوری سیاسی ئەمرۆی کوردستان بکات، بەلأم ئەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت کە ئێمە نە ئەمریکاین و نە بەریتانیاین کەبە پێی بنەماکانی سیستەمی لیبرالیزمی نوێ ئابووری خۆمان بنیاد بنین ، لەکاتێکدا هێشتان ئێمە خاوەنی بچوکترین پرۆسەی پەرەسەندنی پیشەسازی و بەرهەم هێنان نین و ناتوانین هیچ کێبڕکێیەك هەتا لەگەل لاوازترین دەوڵەتی دەوروبەرمان بکەین لەروی بەرهەم و بەرهەم هێنانی کالاوە (چ لەروی پیشەسازی بەرهەم هێنان چ لەروی کشتوکاڵی و هەتا لەروی سامانە سروشتی یەکانەوە کە هێشتا ئێمە تەنیا خاوەن و بڕیاردەری نین ) ... هەر بۆیە ئەگەر پێویستمان بەئابوریەکی پلان بۆ داڕێژاوی سەنترالْ و شێوە سوسیالیزمی کۆن نەبێت ئەوە پێویستیمان بەسیستەمێکی ئابوری نیمچە کراوەی سۆسیال دیموکرات هەیە بێ ئەوەی ئیرادەو سەروەری لە دەست بدەین ( بەمانای هێشتنەوەی سیاسەتی ئابوری وسامانە سروشتیە سەرەکیەکان بەدەست حکومەت و کرانەوەش بۆ سەرمایەدارانی ناوخۆ و دەرەوە بۆ پرۆژە خزمەتگوزاری و وەبەر هێنەکان و رێگە گرتن لە هەر قۆرغکارییەك و بواردان بە ئازادی کێبڕکێ.....هتد) . چونکە ئەگەر ناوەرۆکی بازاڕی ئازاد ململانێی سەر مایەدارەکان بێت لەولاتێکی پێشکەتوی سەرمایەداری دا لەپێناو زیاترین (قازانج)دا، ئەوە لەهەرێمیکی لەم شێوەیەی ئێمەدا دەبێتە هۆکارێك بۆ زۆرترین گەندەڵی و ستەم و دەسکەوتی ناڕەواو مشەخۆری .. بەتایبەتی کە لەلای ئێمە جگە لە کۆمەلێك دەوڵەمەندو خاوەن پارە هێشتا سەرمایەدار بەمانا راستەقینەکەی دروست نەبووە ( بەمانای خاوەن کارو سەرمایەو خاوەن هۆیەکانی بەرهەم هێنانی کالاَ ) ، ئەمڕۆ بازاڕو دابین کردنی پێداویستیە رۆژانەییەکانی خەلك لەلایەن سەرمایەدارانی دەرەوەی خۆمان هەلْدەسوڕێ ، هەر بۆیە بازاڕی ئێمە بوەتە بازاڕێکی بەکاربەر ( ئیستهلاکی ) بۆ سەرمایەدارانی بێگانە و یەکلاکردنەوەی کالاَکانیان ، مشەخۆرانی خۆشمان باشترین سوود لەو واقیعە دەبینن لەپەنانی ئازادی بازاڕو لاوازی سیستەمی دامەزراوەیی و سیستەمێکی یاسایی سەربەخۆ کەتوانای بانگکردن و لێ پێچینەوەی هەبێت . کە بۆ ئەمانەش لەمرۆدا بەلانی کەم پێویستیمان بە بوون وپیادەکردنی یاساکانی ( نەهێشتنی قۆرغکاری و.... پاراستنی بەکاربەرو....

باج و ...كێبركێى وبەرهێنەرو...... رێگە گرتن لە دەست كەوتى نارەواو..... رێگەگرتن لە شۆرینەوەی مولك...... هتد) هەیە .

كەواتە لێرەوە پرسیار ئەوەیە ...ئایا مەبەست لە گۆڕان گۆڕانە لە سیستەمى ئابورى بازاڕ بۆ سیستەمێكى تر ..؟ ئەگەر وایە ..كام سیستەمى ئابورى مەبەستە كە جێگرەوەی ئەم سیستەمە ی ئێستا بێت ؟ چونكە ئەگەر مەبەست تەنیا چارەسەرى گەندەڵى و ئەو مشە خۆرى یە بێت كە هەیە و كار بۆ هەمان سیستەمى بازاڕى ئازاد دەكرێت ، ئەوە پێویستە هۆكارى سەرەكى ئەم گەندەڵێیە دیارى بكرێت ، كە بێگومان ئەم سیستەمە ی بازاڕى ئازاد زەمینەو هۆكارى سەرەكى یە لە دروست بۆنى گەندەڵى دا و ، هیچ كات سیستەمى ئابورى ئازاد نەیتوانیوە ناوەڕۆكى راستەقینەی یەكسانى و دادپەروەرى كۆمەلایەتى چارەسەر بكات هەتا لە دەوڵەتانى پێشكەوتوودا مادام لە بنەڕەتدا ئەم سیستەمە لەسەر قازانج و زۆرترین دەسكەوت بنیادنراوە . بە تایبەتیش ئەگەر ئەو سیستەمە لە شوێنێكدا بێت كە هێشتا نە سیستەمى دیموكراسى چەسپابێت و نە یاسا سەروەر بێت و نە مافەكانى مرۆڤ و نە چەمكى هاولاتى بوون دروست بووبێت ، كە هەمیشە لە م شێوە سیستەمانەدا هێندەی بەر بەرەلایى بازاڕ دەخولقێت كەمتر ئەوچەمكانە ی پەیوەست بە دیموكراسین دەچەسپێن .ئەمەش زەوى و زەمینەیەكى هەمیشە بە پیتە بۆ مشەخۆران و گەندەڵى .

## رۆشنبیرى سیاسى وەك كارەكتەرێكى گرنگ لە پرەنسیپى بەشدارى و ئالوگۆرەكاندا

ئەگەر هاولاتى توخمێكى گرنگ وسەرەكى بێت لە بوونى نەتەوەیەكدا ئەوەبێگومان هاولاتى هوشیار دروستكەرى كۆمەڵگەی سیاسییە، بەمەش رۆشنیرى سیاسى دەبێتە یەكێك لە فاكتەرە گرنگەكانى پرۆسەی سیاسى ( چى لە دروست كردنى بڕیارى سیاسى و چى لە ئالوگۆڕى سیاسى دا) ، هەر بۆیە پێویست وایە رادەى ئەو رۆشنبیرییە لە ئاست ئەو ئالوگۆڕە و ناوەندى بڕیار دابێت.. چونكە كورد وتەنى زۆرجار (كالا بە قەد بالای خۆى ) دەبێت و هەر ناهاوسەنگییەك لەنێوان ئاستى رۆشنبیرى سیاسى و ئاستى پێگەیشتنى سیستەمى سیاسى دەبێتە هۆیەك كە پرۆسەی سیاسى بخاتە قەیرانێكى مەترسى دارەوەو بەمەش رەوتى سیاسى –مێژوویى و دەسكەوتە سیاسیەكان بەرەو شكانەوە دەبات ، چونكە ئەگەر هوشیارى كۆمەڵگە نەگەیشتبێتە ئەو رادەیەى كە هەم بەرنامەى سیاسى حزبەكان لێك جیابكاتەوەو هەم لە ئینتمای خۆى و هەم لە گرنگى ئازادانەى دەنگدان و بەشدارى كردن و هەم لە سروشتى سیستەمە سیاسییەكە بگات، لەكاتێكدا هێشتا مافەكانى مرۆڤ (لەسەر بنەماى تۆڵە و شەرەف پارێزىو پیاو سالارى و جیاوازى رەگەزو ....هتد ) هەڵسوڕێ و چەمكى هاولاتى بوون و پەیوەندیەكانى نێوان هاولاتى و نیشتیمان نارۆشن ولێڵ بێت ، زۆر زەحمەتە بتوانرێ كۆمەڵگایەكى هاوچەرخو مەدەنى و مرۆڤ دۆست بخولقێنێ ، زۆرجاریش ئەم ناهاوسەنگى و لاوازیە لە رۆشنیرى سیاسى كۆمەڵگە لە مێژووى سیاسى كۆمەڵگە گەورە ترین زیانى بە پرۆسەى سیاسى و زەرورەتى ئەو قۆناغە مێژوویى سیاسى یە گەیاندووە و بووەتە هۆیەك بۆ لا وازیى هەستى نیشتمانىو رۆحى بەرپرسیارێتى لە بەرامبەر دروست بوونى كۆمەڵگایەكى شارستانى مەدەنى دا.. هەر بۆیە یەكێك لە گرینگ تر ین ئەركەكانى تاك و (حزبى سیاسى) پێشكەوتوخوازو بە تایبەتى حزبە عەلمانى و چەپەكان و رێكخراوەكانى كۆمەڵگاى مەدەنى و ناوەندەكانى رۆشنیرى ماندو بوونە بە هۆشیاركردنەوە كۆمەڵگە بە شێوەیەكى گشتى و هۆشیاركردنەوەی سیاسى بە تایبەتى و دوور لە چەوشە كردن و سەرلێشێوانو بە هەڵەدا بردنى

کۆمەڵگە ... کە ئەمەش بەر لە هەرشتێك پێویستی بە چەسپاندنی بنەماکانی ئازادی رادەربرین و ئازادیە گشتییەکانو چۆنیتی مامەڵەکردنە لەگەڵ مافەکاندا.. دوور لە زهنیەتی عەقائیدیو پیرۆزکردنی کەسو بیروبڕواکان و . لێك جیاکردنەوەی (دەوڵەت) بەمانا سیاسی دەستووریەکەی لە (ئایین) بە مانا گشتیەکەی کە هۆیەکی رێکخستنە لە نێوان تاك و خودا داو پەیوەستە بە ئازادی تاك لە بڕوا بوون بە هەر ئایین وئاینزایەك . چونکە چەمکی هاولاتی بوونی رلستەقینە پەیوەستە بەو پەیوەندی یە یاساییەی نێوان تاك و دەوڵەت لە چوارچێوەی ئەو مافو ئەرکانەی کە بۆ هەردوولا دروست دەبن و دەبنە بنەمای چەسپاندنی دەوڵەتی یلساو هەر دەرچونێك یان خوێندنەوەیەکی تر کەلەبەرێکی نایاسایی‌و ناسروشتی بۆ ئەو پەیوەندیە دروست دەکلت و بەمەش هاولاتی (تاك) دەکەوێتە بەردەم سەرلێشێوان و شێواوی لەو هۆشیارییە سیلسیەی کە دەیبێت لە بڕیاردان و بەشداری کردنی لە پرۆسەی سیاسی دا.. بە تایبەتی سروشتی ئینتماکردنی بۆ بیروباوەرو حزبو نیشتمان. هەربۆیە چەند گۆڕان لە دامەزراوەکانی (پەرلەمان و حکومەت و دادوەری) پێویست بێت، هێندەش پێویست بە گۆڕان لە (سیستەمی سیاسی و سیستەمی ئابوری و حزب و رۆشنبیری سیاسی) دەکلت . ئەگەر نا زۆر زەحمەتە بتوانرێ گۆڕانی رلستەقینە بکرێت و ئەو دواکەوتنەش لە گۆڕانی ئەو چەمکانە هۆیەکن بۆ درەنگ تر بە دەست هێنانی زۆرترین یەکسانی و دادپەروەری و بەدی هێنانی مافە سەرەکیەکانی مرۆڤ و ئازادیەکان بە گشتی ( چ ئازادی رادەربڕین و چ ئازادی سیاسی و چ ئازادی ئینتماو چ ئازادی رۆژنامەگەری‌و.....هتد).

هەر بۆیە هەموو ئەو باڵ و لایەنە سیلسی و رۆشنبیرانەی کە بەشداری دەکەن لە چەوشە کردن وسەرلێ شێوان و بەهەڵەدا بردنی کۆمەڵگە بۆهەر مەبەست و بەرژەوەندی یەکی سیلسی تەسك و زاتی کە خزمەت بە بەرژەوەندی باڵای دۆزی سیاسی قۆناغی ئەمرۆی کوردستان و ئاییندەی کۆمەڵگەی کوردستانی نەکلت ، بەرپرسیارێتی مێژوویی و ئەخلاقی و ویژدانی دەکەوێتە ئەستۆیان .